# بمكه بەخاوەنی نیشتمان...
# تالەئاستیاخۆم بەبەرپرسیاربزانم



فازڵ عومەر

ئەوە باش دەزانم دووشت كەڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لەبەردەوامیدان بەژیان و بەرەوپێشبردنی كۆمەڵگا و ڕاستەوخۆش پەیوەندی بەئەندامانی كۆمەڵگاوە هەیە (ئەرك و ماف)ن, و هەر ئەندامێكی كۆمەڵ بۆ ئەوەی بتوانێت بەومافانە بگات كە پێویستن بۆ بەردەوامیدان بەژیانی, پێویستە لەبەرامبەریدا ئەو ئەركانەی لەسەر شانیەتی بەجێیان بگەیەنێت.

ئەوەش دەزانم لەكۆمەڵگای دامەزرا و خاوەن موئەسەساتدا لەبەرامبەر هەرئەركێكدا كەمرۆڤ پێی هەڵدەستێت ڕێز لەبەجێگەیاندنی ئەو ئەركە دەگیرێت و لەبەرامبەردا بەئەندازەی ئەو ئەركە مافی دەدەنێ, ئەمەش بۆخۆی هاریكار و یارمەتی دەرێكی باشە تا ئەوكەسانەی دەبێت بەئەركێك هەڵبستن بەو پەڕی ئینتما و هەستكردن بەبەرپرسیارێتیەوە كارەكانیان جێبەجێ بكەن.

دەشزانم و جێی داخە هەستكردن بەم هاوسەنگیە لە كۆمەڵگای ئێمە كەمەو گرنگی پێنادرێت, هەرتاكێكی ئەم كۆمەڵگایە لەبەرامبەر ئەو ئەركە قورسەی كەلەسەر شانیەتی, مافێكی وای پێڕەوانابینرێت كە هانی بدات تا بەوپەڕی وزە و توانا و بەرپرسیارێتیەوە كارەكانی جێبەجێ بكات و ئەركەكانی سەرشانی ڕاپەڕێنێت, لەكاتێكدا خەڵكانێك ئەو ماف و ئیمتیازەی پێیان دەدرێت دەیان قاتی ئەو ئەركەیە كەلەسەر شانیانە, بۆیەش نەبوونی ئەم بالآنسە لەنێوان ئەرك و ماف دا خەم ساردی لای تاك دروست دەكات و هانی دەدات, بۆ بەدەست هێنانی مافی زیاتر پەنابەرێتەبەر كاری جۆراوجۆر كە ڕەنگە زۆرجار ئەوكارە ناشیاویش بێت, بچوكترین نموونە بەرتل وەرگرتنە, كە ئەمەش بەدوای خۆیدا دیاردەیەكی ترسناكتر دێنێ كە ئەمڕۆ كۆمەڵگای ئێمە

لەمشتومڕیدایە ئەویش گەندەڵیە, دەبێت بشزانی کاتێك خەڵکێك تاسەر ئێسك رەزیل و برسی دەکەیت, ئەگەر دەستی هەبێت لەدروستکردنی گەندەڵی بە چارەکی ئەو کەسانەیە کە تالوتکەی هەرەمەکە تێرو تۆختکردوون, گەندەڵیش بەهەموو رەهەندەکانیەوە رەنگدانەوەی ئەم ناهاوسەنگییەی نێوان ئەرك و مافی بەسەرەوەیە, تۆ کاتێك ناتەوێت ئەو مافە بدەی بەمامۆستایەك کەژیانی پێدەگوزەرێت, ناتوانی داوای لێبکەی کەدەبێت بەهەستکردن بە بەرپرسیارێتیەوە بچێتە ناو پۆل و بەرۆحیەتێك کە ئینتمایە بۆ نیشتمان قوتابیەکانی یان خوێندکارەکانی پێبگەیەنێت, تۆ کەناتەوێت ژیانی کارمەند و فەرمانبەرێك فەراهەم بکەیت, ناتوانی داوای لێبکەیت کە ئیلتیزام بەدەوام و ئەرکەکانیەوە بکات, کاتێك هەموو بیرکردنەوەی کەسێك بەرتەسك دەکەیتەوە لەوەدا چۆن بتوانێ هۆدەیەکی دەست بکەوێت و تێیدا ژیان بەرێکا, هەرگیز ناتوانی هانی بدەی کەئاسۆی بیری لەپێناو خزمەت گەیاندن بەبەرژەوەندی گشتی فراوان بکات, ئاخر من کاتێك دەتوانم بۆ تۆ پێبکەنم کە دڵم خۆشبێت, من کاتێك دەتوانم تۆ یان ئەو یان نیشتمانم خۆش بوێت کە خۆمم خۆش ویستبێت, چونکە دڵنیابە گەرمن خۆمم خۆش نەوێت ناتوانم خۆشەویستی بەتۆ ببەخشم, ئەگەر وتیشم تۆم لەخۆم خۆشتر ئەوێت بزانە ئەمە یان جوملەیەکی شاعیرانەیە یان درۆم کردووە, هەتا ئەگەر تۆ کچیش بیت, بزانە پەپولە لەبێ عەقڵیەتی کەخۆی بۆ مۆم دەسوتێنێت, کاتێك من دەسوتێم چ شتێك مانای بۆ بوون نامێنێ, کاتێك من لانەیەك نەبێت ئارامی تیابگرم با باڵندەکان هەموو بێلانەبن, تۆ دەبێت هەولبدەی من بکەیت بەخاوەنی نیشتمان بۆ ئەوەی پارێزگاری لێبکەم, من کە بستێك زەوی ناتوانێت بمبەستێتەوە بەم خاکەوە قسەشیرینەکانی تۆ فریووم نادات, من بۆ ئەوی پارێزگاری لەزەویەکی فراوانتر بکەم دەبێت لەناویدا پارچەیەك زەوی بچووکم هەبێت, تالەپێناو ئەو, لەو زەوییە گەرویەش بەرگری بکەم, چونکە کاتێك هەست بەگەرمی ئامێزی تۆ دەکەم, هەولدەدەم پارێزگاری لەئامێزت بکەم, ئەمەش نەك لەپێناو ئامێزی تۆ بەلکو لەپێناو ئەو گەرمیەی ئامێزت بەمنی دەبەخشێت, وایە ئەمە بەرژەوەندی خوازی و مەسلەحەت چێتی نیە, بەقەدەر ئەوەی تێگەیشتنە لەمافی هاولاتی بوون و حساب کردنە بۆ ئەو بەندە کوردییەی کەفێرفان ئەکات کچی خۆمان نەکەین بەقوربانی کوری خەلکی, چونکە خۆکردن بەقوربانی لەسەردەمی ئازادی‌دا خۆکردنە بەقوربانی بۆ کۆمەلێك کەس کە ئەمڕۆ لەژێر ناو و نازناوی بەرپرس دا لەهەرەمی دەسەلاتدان, چ بێمانایە هەستکردن بەبەرپرسیارێتی کەمن بەچاوی خۆم ببینم تۆی بەرپرس نەلەمالەوە و

نەلـەدەرەوە و نـە لەشـوێنی کارکردنـت ! زەڕەیـەك گـەرمات نـابێ و هـەرگیز بیرلەوەناکایتـەوە, ساحێب ماڵ بێت و داوای زیاد کردنی کرێـی خـانووت لـێ بکـات, هـەرگیز خـەمی دەسـت کـەوتنی بتلّێـك غـاز و بـەرمیلێك نـەوت و دەبەیـەك بـەنزین و دەیـان شـتی تـرت نیـە, تـەنها شـتێك کەبیرکردنەوەتی داگیرکردووە, ئەوەنیە چۆن بتوانی بژێوی مانگێکی خێزانەکـەوت دابـین بکـەیت, خۆبەخوا ئەوەش نیە چۆن کوڕەکـەت بەدرێـژای مانگێـك لـەزانکۆ 100 دینـار لـەگریفانیا نـەبێت, تـەنها شـتێك کەخـەمی تۆیـە ئەوەنیـە, کـەبازاڕ و گرانـی شـتومەك دەسـتی ناوەتـە بینـە قاقـای ئەوخەڵکەی تۆی گەیاندە سەر کورسـی بێخـەمی, نابەپێـچەوانەوە خـەمی تـۆ ڕۆشـن دیـارە چـۆن بتوانی ڤیللایەك لەوەی ئێستا هەتە گەورەتر دروست بکەی یان لەگەڵیا لە شاری خەونەکان چـەند خانویەك بکڕی, چۆن بتوانی بەنزین خانەو غەسلەکەت لەشـوێنێکی وادابێـت کەپڕبەپێـستی بێـت, چـۆن ئەوپـشکانەی لـەکۆمپانیا و بەڵندەرایـەتی و شـەریکەکاندا هەتـە بـەرفراوانی بکـەیت. ولاّ لەوانەشە زۆرجار بیر لەو چەندسەد دۆنم زەویەش بکەیتـەوە, کـە بـەرەنجی شـان پـەیات کـردووە چۆن بیکەیتە چارۆچکەیەك, دڵنیام شتێکی تریش جێگەی خەمی تۆیە چـۆن معاشـەکەت لەچـەند ملیۆنێکەوە بفڕێ بۆ ئەو ئاستەی کەلەدیدی تۆدا تۆزێك باشترە.شتی تریی هاوشێوەی ئەمـە, خـۆ ئەگەرنا خوانەخواستە بیرلەوەش ناکەیتەوە ئـەو هـەموو قوتابیـەی زانکـۆ (کـوڕ و خزمـەکانتی) لێ دەرچـێت چـۆن دامـەزرێن و موچـەکەیان بەشـی بـژێووی ژیانیـان بکـات یـان تـۆ بلّێـی بـیر لـەوە بکەیتـەوە کەئـەم قوڕبەسـەرانە شـەو ڕۆژ وێڵـن لـەدوای دەسـتکەوتنی دوو هۆدەخـانوو , نـا..نـا ئەستەخفیرەڵا, ئەم خەڵکـە چ پەیوەنـدیان بەتۆهەیـە (دەنگێکـی........یـان )داویتـێ ئەیانـەوێت ببیتە مامە خەمەیان.!

Kurdistan

22-6-2006

fazl_umar@yahoo.com